ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

.Peer2Mail

نووسەر:

:@

## Peer2Mail چیە؟

پرۆگرامێکە رێگەت پێدەدات کە بتوانی خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلەکترۆنی وەك Gmail, Yahoo.بەکار ببەی وەك سێرڤەرێك، کە پرۆگرام و پەڕگەکانتی بنێریتە سەر و خەڵکانی دیکە توانای "تەنیا" داگرتنیان هەبێت.

پەڕگە ناردن و داگرتن دەبێ لە چوارچێوەی Peer2Mail دا جێبەجێ بکرێت، چوونکە پرۆگرامەکە وشەیەکی تێپەڕبوون دروست دەکات بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بتوانن بچنە ژوورەوە بۆ پۆستە ئەلەکترۆنیەکەی تۆ و پەڕگە دابگرن، هەر دەبێ لە خودی پرۆگرامی Peer2Mailـەو کەسانی دیکە بچنەژوورەوە، ئەگینا ناتوانن بچنە ژوورەوە.

بۆ ئەوەی زۆرتر روون بێت هەوڵ ئەدەم لەم بابەتەدا چۆنیەتی ناردن و داگرتنی پەڕگە لە پۆستی ئەلەکترۆنی Gmailـەوە شیدەکەمەوە، لە رێگەی پرۆگرامی Peer2Mailـەوە.

پێش هەموو شتێك پێویستە کە پرۆگرامی Peer2Mail دابگریت و پاشان دایبمەزرێنیت.

بۆ داگرتن ئێرە کرتە بکە.

### ناردنەسەرەوەی پەڕگە.

پاش دامەزراندنی پرۆگرامەکە، بیکەوە.




وەك لەسەرەوە نووسیوومە کە لەسەر Gmail بابەتە دەنووسم، بۆیە کرتە دەکەمە سەر Gmail.پاشان بچۆ ژوورەوە بۆ ئەکاونتەکەت، گەر لە Gmail.com خۆت تۆمار نەکردووە، دەتوانی سەردانێکی ئێرە بکەیت.

پاش چوونە ژوورەوە کرتە بکە سەر Split/Send Files.




بۆ ئەوەی پەڕگەیەك بنێریتە سەرەوە بۆ سەر ئیمەیلەکەت کرتە بکە سەر ئایکۆنی دیاریکراو لە وێنەی خوارەوە.




پەنجەرەیەکی بچووکتر دەکرێتەوە.




4> هەڵبژاردنی ئەو پەڕگەیەی کە دەتەوێ بینێریتە سەرەوە بۆ سەر پۆستی ئەلەکترۆنی.
5> وەرگر، واتە پۆستی ئەلەکترۆنی خۆت.
6> وەك خۆی بەتاڵ بێت.
7> بۆ نموونە کە بتەوێ پەڕگەیەك بنێریتە سەرەوە و قەبارەی پەڕگەکە زۆرترە لە 10 میگابا یت. دەتوانی لێرە هەڵبیژێری کە پرۆگرامەکە پارچە پارچەی بکات بۆ ئەوەی کە ئاسانتر بنێردرێتە سەرەوە و ئاسانتریش دابگیردرێت.
8> ڕاستەوخۆ بنێردرێت.
9> لەلایەن، زۆر گرنگ نیە دەکرێ وەك خۆی بێت.
لە کۆتاییدا پاش دەستنیشانکردنی پەڕگەی ویستراو بۆ ناردنە سەرەوە، OK کرتە بکە.




وەك لە وێنەی سەرەوە ڕوونە، ئەو پەڕگەیەی کە دەستنیشانت کردبوو، ئێستا هاتۆتە لیستەی پەڕگە ئامادەکان بۆ ناردنە سەرەوە.
بۆ ئەوەی ناردنە سەرەوە دەست پێبکات، چوارگۆشەی تەنیشت ناوی پەڕگەکە چالاك بکە و پاشان کرتە بکە سەر ئایکۆنی دیاریکراو لەوێنەی سەرەوە/ 12.
کاتی پێویست بۆ تەواوبوونی هەنگاوی نارد نە سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوو شتی سەرەکی، یەکەم> قەبارەی پەڕگە. دووەم> خێرایی ئینتەرنێتەکەت بۆ ناردنە سەرەوەی پەڕگە.
پاش تەواوبوون بەسەرکەوتوویی لە ژێر خانەی Segment Status دەنووسرێت، Success.




پاش تەواوبوونی ناردن بڕۆوە بۆ بەشی Browse، لەسەرەوە کرتە بکە سەر ئەو ئایکۆنەی کە هێمای کلیلێکی لەسەرە، وەك لەوێنەی خوارەوە ڕوونە.




مەبەست لەم هەنگاوە ئەوەیە کە پرۆگرامی Peer2Mail وشەیەکی نهێنی درێژ و تایبەت بە خۆی دروست بکات بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە ئەو وشەی تێپەڕبوونە بەکار ببەن لەکاتی پەرگە داگرتن لە پۆستە ئەلەکترۆنیەکەت. پاشان پرۆگرامەکە ئەو وشە تێپەڕبوونە دەناسێتەوە و ئەو خەڵکانەی کە بەکاری ببەن تەنیا توانای داگرتنیان هەیە و ناتوانن دەستکاری هیچ شتێکی دیکە بکەن.

14> وشەی ئەسڵی و دروستی پۆستە ئەلەکترۆنیەکەت بنووسە و پاشان کرتە بکە سەر Encrypt بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە وشەی تێپەڕبوونی تایبەت بە خۆی دروست بکات. ئەو ڕیزە پیتانەی کە پرۆگرامەکە دروستی دەکات (16) وشەی تێپەڕبوون دەبێت بۆ داگرتن لە پۆستە ئەلەکترۆنیەکەتەوە و بڵاوکردنەوەی هیچ زیانت لێنادات.

*********************************

## چۆنیەتی داگرتنی پەرگە.

لە پێش دا ئەبێ ئەو کەسەی کە دەیەوێ پەرگە دابگرێت پرۆگرامی Peer2Mail ـی دامەزراندبێت، پاشان وشەی تێپەڕبوونی داگرتن بزانێت.

بۆ چۆنیەتی چوونەژوورەوە کرتە بکە سەر بەستەری Gmail کە لە پەرەی سەرەکی پرۆگرامەکەدا دەردەکەوێت.




پاشان پۆستی ئەلەکترۆنی و وشەی تێپەڕبوون بنووسە،




بچۆژوورەوە بۆ نێو پۆستە ئەلەکترۆنیەکە، پاشان کرتە بکە سەر ئایکۆنی داگرتن کە لەوێنەی خوارەوە دیاری کراوە.




پەنجەرەیەکی بچووکتر دەکرێتەوە، هەندێك چاوەڕوانبە بۆ ئەوەی هەموو پەرگە نێردراوەکان ڕیز بکات و ئامادەیان بکات بۆ داگرتن.




پاش دەرکەوتنی پەرگە نێردراوەکان، کرتە بکە نێو چوارگۆشەی تەنیشتی ئەوانەی کە دەتەوێ دایانبگریت، پاشان کرتە بکە سەر Download.




شوێن بۆ پاشەکەوتکردنی پەرگەکان دەستنیشان بکە.

پەنجەرەیەکی دیکە دەکرێتەوە کە زانیاری سەبارەت بە داگرتنەکانی تێدایە.




7> خێرایی داگرتن.
8> داگیراو.
9> کاتی بەسەرچوو.
10> ئەو شوێنەی کە پەڕگەکەی تێدەچێت.
11> وازلێهێنان لە داگرتن.

بەو شێوەیە دەبێ سوپاس و دەستخۆشی لە دروستکەرانی پرۆگرامی Peer2Mail بکەین بۆ ئەو کارە جوانەیان و ئەو تایبەتمەندیانەی کە پرۆگرامەکە بۆ خاوەن پۆستە ئەلەکترۆنیە زلەکان دەیبەخشێ.
هەر لە ئێستاوە ماڵپەڕی هەموو بۆ کوردان زۆر پرۆگرامی وەك Adobe Photosop, FrontPage2003, Macromedia Flash MX و زۆر پرۆگرامی دیکەش دەنێرێتە سەر پۆستە ئەلەکترۆنیەکەمان لە Gmail و هەموو میوانان و خۆشەویستانمان دەتوانن ئەو پرۆگرامانە بەشێوەی سەرەوە دابگرن.
.Gmail
پۆستی ئەلەکترۆنی: All4Kurds
وشەی تێپەڕبوون بۆ داگرتن: ئێرە کرتە بکە.
پێمان خۆشە کە هەموو میوانانی ماڵپەڕی هەموو بۆ کوردان بەشداری ئەم کارە بکەن و هەر یەکە و پرۆگرامی بەسوود بنێرنە سەر پۆستە ئەلەکترۆنیەکانیان و پاشان لەبەشی کۆمێنت دا لە خوارەوە ناو و وشەی تێپەڕبوونی داگرتن بنووسن، بۆ ئەوەی سوودبەخش بێت بۆ هەموو لایەك.
بۆ داگرتنی هەندێ گۆرانی و پەرگەی دیکە دەتوانی سەردانی ئەم پەڕەیە بکەی و زانیاری چوونە ژوورەوە بەدەست بێنی.
داگرتن لە Peer2Mail.
زۆر سوپاس بۆ کاک کامەران سۆرانی کە زانیاریەکانی پەڕەی سەرەوەی بۆ ناردووین.
کۆتایی.

Oct 2005 31

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت